# ئاماژە پەروەردەییەكان لە دەقی شانۆی منداڵاندا

**ID No. 270**

(PP 195 - 207)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.4.12

**كاروان عەلی محەمەد**
بەشی سینەماو شانۆ - كۆلیجی هونەرە جوانەكان / زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
charlykarwan@gmail.com

**ئەكرەم فەرەیدون حەمەئەمین**
بەشی راگەیاندن - كۆلێژی ئاداب / زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
akram.hamaamen@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/04/13**
**پەسندكردن : 2022/05/11**
**بڵاوكردنەوە : 2022/09/05**

**پوختەی**

منداڵ بوونەوەرێكی داهێنەرەو لەناو شانۆشدا دەتوانێت زیاتر داهێنەرانەتر بڕوانێت و فێر ببێت، شانۆ بەیەكێك لەهونەرە مەزنەكانی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ دادەنرێ، شانۆ منداڵانیش هەر لە سەرەتای سەر هەڵدانیەوە، تا ئەم سەردەمە دەبینین بەدرێژایی ئەو مێژووە توانیویەتی خزمەتێكی مەزن پێشكەش بە منداڵان و مرۆڤایەتی بكا لە رێگای ئامانجەكانی دەق و بندێڕەكانی دەقەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی هونەری شانۆ جگە لەنواندن بایەخ بەكۆمەڵێك ڕەگەز و بابەتی هەمەجۆرتری وەكو: (دەق، مۆسیقا، ڕووناكی، ڕووداو، كات، شوێن، ئیكسیسوار، ماكیاژ، دیكۆر، دیالۆگ،...) دەدات. لەهەمان كاتیشدا هەڵگری خەم و پەژارەو هەموو هەست و نەستەكانی منداڵە و هەر لەسەرەتاشەوە بۆ خزمەتی مرۆڤ و هوشیاركردنەوە و فێركردن و بەرزكردنەوەی ئاستی دنیابینی و تێگەیشتنی منداڵ و مرۆڤایەتی هاتۆتە كایەوە، هەر بۆیە دەقی شانۆیی و گرنگی دەق لەگەڵ گەشەكردنیشیدا توانیویەتی بچێتە نێو زۆربەی ڕەهەند و كەلێنەكانی ژیانی مرۆڤەوە و سوودیان لێ وەربگرێت و بیانكات بەكەرەسەیەكی گرنگ، لەوانەش وەكو: (باوەڕبەخۆبوون، فێركردن، كاری داهێنەری، لایەنی پەروەردەیی، ئایین، بابەتە كۆمەڵایەتیەكان، سیاسەت، مێژوو، دڵداری، نیشتمانپەروەری، گاڵتەجاڕی ،..) بێگومان، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی هاندان و ڕێنوێنی كردنی منداڵ و گەلێك جۆری لێكۆڵینەوە و قسەكردن لەسەر تەكنیك و ناوەڕۆكی شانۆ و دەقەكانی شانۆ لەلایەن ڕەخنەگرانەوە. لەو چوارچێوەیەشدا و بەمەبەستی زیاتر ئاوڕدانەوە لە ڕۆڵ و گرنگی دەقی شانۆی كوردی بەپێویستمانزانی ئاوڕ لە شانۆی منداڵان بدرێتەوە لە هەرێمی كوردستاندا و گرنگی دەقی شانۆیی لە پەروەردەكردنی منداڵاندا، لە هەرێمی كوردستاندا.

**كلیلە وشە:** ئاماژە، پەروەردە، دەق، شانۆ، منداڵ.

## 1- پێشەكی

### چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

**یەكەم/ كێشەی توێژینەوە:** گرنگترین هەنگاوی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، دیاریكردنو هەڵبژاردنی كێشەیە، چونكە پرۆسەی دۆزینەوەو رادەی پەیبردنی توێژەرە بە گرنگی ئەو بابەتە كە دەبێتە پاڵنەری ئەنجامدانی توێژینەوەكەو بەبێ ئەو هەنگاوەش، توێژینەوەیەكی دروستو كامڵ، بەرهەمناهێنرێت، (الطائي، واخرون، 2007، ص15-16).

كێشەی توێژینەوە گواستنەوەو گۆڕینی بابەتێكی گشتییە بۆ پرسیار یان بۆ كێشەیەك كە شیاوی توێژینەوە بێت. سەرباری ئەوەی كە دیاریكردنی كێشە، زۆر لایەنی دیكەی توێژینەوەكە دیاریدەكات، وەك جۆری توێژینەوە، میتۆد و پلانی توێژینەوەكە و ئامڕازەكانی و تادەگاتە جۆری ئەو داتاو زانیاریانەی پێویستە لەسەر توێژەر بەدەستیانبهێنێت.

هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیەش، لە هەستكردن بە كێشەیەك سەرچاوەی گرتووە كە لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، ئەویش گرنگی دەقی شانۆیی لە پەروەردەكردنی منداڵاندا و چۆنیەتی ئەو گرنگییە دیاری دەكرێت.

1- ئایا دەقی شانۆیی چ گرنگییەكی هەیە لە پەروەردەی منداڵان؟

2- ئایا دەكرێت لە رێگەی شانۆی منداڵانەوە بنەماكانی پەروەردەی لەلای منداڵ گەشە پێبدەین؟

3- ئایا دەقی شانۆیی منداڵان چ رۆڵێك دەبینێ لەپرۆسەی پەروەردەدا ؟

**دووەم/ ئامانجی توێژینەوە:** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی چەند ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە کە توێژەر هەوڵی هێنانەدییان دەدات، ئیتر ئەو هەوڵە، کۆکردنەوەی زانیاری، یان چارەسەری کێشەگەلێكو گەیشتن بە راستیو زانیاری نوێ، یاخود گۆڕینو هەموارکردنی هەڵویستێك بێت. (کلالده واخرون، 1997: 19).

وێڕای ئەوەی، ئامانجی توێژینەوەکە، رەنگدانەوەی رادەی ئەو خستنەسەرەیە کە توێژەر بۆ چارەسەری زانستیی سەلمێنراو بۆ کێشەی توێژینەوەکە دەیخاتەڕو. بەوپێیەش، ئامانجەکەی ئەوەیە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشداری بکات لە چارەسەرکردنیدا .

لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر، چەند ئامانجێکی هەیە:

1- زانینی گرنگی دەقی شانۆیی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵان هەموو ئەو گرنگییانەی کە بەشێوەیەکی بونیادنەرانە رۆڵ دەبنین لەو پرۆسەیەدا.

2- دیاریکردنی جۆری کاریگەری و بەرپرسیارێتی پەروەردەو فێربوون و خۆشەویستی نیشتمان لای منداڵان.

3- دیاریکردنی ئەو بەربەستانەی کە لە رووی پەرورەدەییەوە دێنە رێگەی نووسینی دەقی شانۆی منداڵان و شانۆکاری منداڵان.

4- زانینی ڕۆڵی ئاماژە پەروەردەییەکان لە نێو دەقی شانۆیی.

5- ئایا دەبێت دەقە شانۆییەکانی منداڵ چۆن دابڕێژرێن ؟

6- ئایا ئاماژە پەروەردەییەکان تەنها لە دەقی نوسراودا بەدی دەکرێن؟

7- ئایا دەقی شانۆیی چی لایەنێکی هزری منداڵ گەشە پێدەدات؟

**سێیەم/ بایەخی توێژینەوە:**

1- کەمی ئەم بابەتە هەستیار و گرنگەو بوونی بەشێوەیەکی زانستی و سەلمێنراو نییە یاخود زۆر کەمە.

2- گرنگیدان بەو بەرهەمانەی کە کار لە پەروەردەی منداڵ دەکات , چونکە هەرکاتێك باسی دونیای منداڵن بکرێت ناکرێت پەروەردە، خۆشەویستی، فێربوون، متمانە، لەشانۆی منداڵان جیابکەینەوە.

3- دەبێتە بنەمایەکی زانستی بۆ توێژینەوەکانی داهاتوو و دەبێتە دەروازەیەکی سەرەتاو پێویست ، هەروەها ئاستو رادەی ئەو ماف و ژینگەیەی ئێستای کاری دەقی شانۆیی و شانۆکاران دەخاتەڕوو.

**چوارەم / میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی توێژینەوەکە میتۆدی (وەسفی و پەیوەندی)ە، چونکە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە دەگونجێت، کە تیایدا روپێوی دەکرێت و ناوەرۆك و ئاماژە پەروەدەییەکان لە دەقی شانۆی منداڵاندا ئاشکرا دەکات دواتر رۆڵی ئەو بەرنامە و ئاماژانە ئاشکرا دەکات کە لە دەقی شانۆیی لەلای منداڵاندان .

**پێنجەم / توێژینەوەکانی پێشوو**

1- توێژینەوەی (جوان بەهادین عەلی) ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی منداڵان لە دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژیی لای منداڵانی کورد، زانکۆی سلێمانی، 2020.

2- توێژینەوەی (شوق عباده أحمد النكالوي)، القيم التربوية في مسرح الطفل مسرحية بائعة الكبريت نمو، قسم العمم الأساسية كمية التربية لطفولة المبكرة - جامعة مطروح،2020.

3- توێژینەوەی (فاروق سلطاني جامعة محمد بوضياف) المسيلة (هدى بليل جامعة محمد البشير الإبراهيمي) برج بوعريريج، دور مسرح الطفل في تحقي الكفاءة التعلمة والثروة في ظل مناهج مقارنة الكفاءات، مسرحية" الحواس الخمس "في مرحلة التربية التحضيرية أنموذجا 2018.

4- توێژینەوەی (بلقيس علي شرين الدوسكي) الدالالت التربوية والفنية في نصوص مسرح الطفل مسرحية الحكواتي انموذجا ، كلية الفنون الجميلة / جامعة صالح الدين / اربيل، 2018.

5- توێژینەوەی (سحر فاضل عبد األمير) الأبعاد الفكرية والتربوية في نصوص مسرح الطفل العربي، جامعة بابل كلية الفنون الجميلة، قسم الفنون المسرحية، 2017 .

**2- چوارچیوەی تیۆری توێژینەوە**

**یەکەم: ئاماژە**

**ئاماژە:** واتا ئەو مەبەست و لایەنە بینراوە، یاخو نەبینراوەی کە لەناو دەقدا بوونی دەبێت لە ڕێگای دیالۆگ و جوڵەوە ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە دەبێت یاخو زۆر جار لەبن دێری دیالۆگەکان ئاماژەکان سەر دەردەکەن. یان تیشك خستنەسەر بابەتێکی دیاریکراوە کە لەناو شانۆی منداڵاندا بە هەمیشەیی لەناو دیالۆگ و جوڵەکان بوونی هەیە و وەکو خۆر تیشکی پەروەردەیی بڵاودەکاتەوە.

جوڵە : لە شانۆدا لێکدانەوەی بینراوە بۆ ڕووداوە دراماتیکییە جیاوازەکان لە شانۆگەرییەکەدا، بەبێ پەنابردن بۆ دیالۆگ، هەروەها باری دەروونی کاراکتەرەکان و هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بەیەکتر ئاشکرا دەکات و تیشک دەخاتە سەر پیشەیی دەرهێنەرەکە، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو پیشەگەریە خزمەت بە ناوەڕۆک دەکات و دەبێتە فاکتەری تێگەیشتنی ئاماژەیی جوڵە و تێگەیشتن.

لە کێشانی جوڵەی شانۆییدا دوو مۆتیف هەیە:

مۆتیڤە کانی جوڵەی شانۆیی:

1: خودی (جوڵە گوزارشت لە دڵەڕاوکێ و خۆشەویستی و بارە دەروونییەکان و هتد دەکات).

2: هونەرییە یان تەکنیکی (وەک پێویستی چۆڵکردنی شوێن، چڕکردنەوەی کاراکتەرێک، ڕاکێشانی جوڵەی گرووپ و ئەوانی تر) بۆ ئەوەی ئاسایی و سروشتی بێت و سەرنجی بینەری بۆ ئەوە ڕانەکێشێت کە ئێستا ئەکتەرەکان لە هەوڵی ئەوەدان جوڵەیەک دروست بکەن و بینەر هەست بکات ئەو جوڵەیە بە ئەنقەست دروستکراوە، چونکە ئاماژە جوڵەییەکان هۆکاری سەرکەوتنی دەق و نمایش و ئەکتەرن، هەروەها دیالۆگێکی شانۆیی باش و پڕ لە مۆتیڤ وا لە دەرهێنەر دەکات کە جوڵەیەکی شانۆیی باش بۆ کاراکتەرەکانی شانۆگەرییەکە پەرە پێبدات.

جگە لەوەی چەندین جوڵەی ئاماژەیی هەیە دەرهێنەر داوادەکات بۆ سوودی دەق و نمایش و دڵخۆشی منداڵان، چونکە ئاماژەکانی جوڵە لە شانۆی منداڵان زۆر جار تەنگی زیاترە لە دیالۆگ یان پەروەردەکردنی ڕاستەوخۆ.

**جوڵە و ئاماژەی هێڵەکانی سەر ستەیج – تەختەی شانۆ: (ئەلیاس، 2005، ل60)**

أ- جوڵەی ئاسایی جیاوازی هەیە لەنێوان جوڵەکانی ئەکتەر لەسەر شانۆ، هەروەها جوڵەی ئاسۆیی جیاوازە لە جوڵەی ستوونی یان لاری لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بە تێبینییەکانی ئەم جوڵە و هەست و سۆزانە بدەین کە کاریگەری لەسەر بینەر و هزر هەیە.

ب- هێڵە ئاسۆییەکان: هەستی ئاسوودەیی دروست دەکەن، ئارامی، ڕەهەند و هێمنی دەبەخشن، هەروەها سەقامگیری، کێش و تاکڕەوی، دڵنیایی و سەرکەوتن و هەستی بەرپرسیاریەتی دەبەخشنە بینەر....هتد.

ت- هێڵە ستوونییەکان: گوزارشت لە بەرزی، گەورەیی، شکۆ، شاهانە یان ئەو کاریگەرییە زاڵەی کە خۆی بە توندی دەسەپێنێت، هەروەها گوزارشت لە ساردی و ڕەنگە ڕۆحی و ئاسمانییەکان دەکات جگە لە دڵ فراوانی و بەهێزی.

ث- هێڵە لارەکان: گوزارشت لە مانای جوڵەی نادروستە، دەستکرد، زیندوو، خەمۆکی یان نائاسایی، بێزاری، تورەیی، ناکۆکی، شەڕانگێزی، دەروونی خراپ.

ح- هێڵە چەماوەکان: دەربڕینی باشی، ئاشنایی، سۆز، فەزڵ، جدی، هاوڕێیەتی، هاوکاری، بەخشندەیی بەردەوام بوونی ژیان جگە لە هەستی نەرمی و ئاسوودەیی، هەموو ئەم جوڵە و ئاماژانەش کاریگەری دەروونی دەبێت لەسەر بینەر و لە هەمان کاتیشدا ئاماژە جوڵەییەکان هۆکاری ئاماژەی پەروەردەیی سەرکەوتنی دەق و نمایشن.

**ئاماژە پەروەردەییەکان لە بنیاتنانی دەقی شانۆیی منداڵاندا:**

شانۆی منداڵان شێوازێکە لە شێوازە هونەرییەکان کە چەندین وەسف و ئەرک و کار و هۆکار و کاریگەری لە ئاڕاستەکردنی منداڵەکە هەڵدەگرێت لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت لێی تێبگەین، مامەڵەی لەگەڵ بکەین و گرنگی پێ بدەین"

- منداڵ پشت بە کۆمەڵێک مانای دەربڕین دەبەستێت کە بیستن و بینین و دەروونناسی تێیدا بەشدارن و تەنیا پشت بە زمانی قسەکراو نابەستێت، بەڵام گشتگیریی ڕەوانبێژی لەم فرەزمانییە بە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرە دەربڕینەکانی خۆی وەردەگرێت و مامەڵە لەگەڵ نیشانەکان دەکات.
- شانۆ گرنگییەکی زۆری هەیە لە پتەوکردن و بەهێزکردنی کەسایەتیی منداڵ و بەدیهێنانی مەیل و پێداویستییە دەروونییەکانی و چارەسەرکردنی گرفتە دەستبەجێیەکانی و وێنەکێشانی وێنەیەکی ئایندەی پەمەیی پاڵی پێوە دەنێت کە لەگەڵ ژیاندا تێکەڵ بێت و تێیدا نوقم بێت و هانی دەدات کە ژیان و گەشەی خۆش بوێت و لەدەوروبەری خۆی نەخولێتەوە و لەسەر خۆی بچووک نەکاتەوە و لەو ڕوانگەیەوە کە پێناسەی وێنە و پێکهاتەی شانۆی منداڵان دێتە بوون، منداڵیش گەشە و نما و ئاماژە پەروەردەییەکان لەناو دەقی شانۆییدا لەسەر زاری دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە زووتر وەردەگرێت و زیاتری کاریگەری دەبێت، چونکە کردەی دراما و جوڵەش بەهەمان شێوە کاریگەرییەکی ئەرێنی زیاتری دەبێت لە دیالۆگ هەر بۆیە گرنگیان بە پێکهاتە و ناوەڕۆکی دەقدا و زیاتر وێنەی دڵخواز و پەروەردەیی یان پێگونجاوتر و زانستی تر بوو بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها ئاماژە پەروەردەییەکان لە بنیاتنانی دەقی شانۆیی منداڵاندا بەشێوەیەکی ڕەنگ ئاسا ڕەنگ دەداتەوە لەناو دەق و دیالۆگی کاراکتەرەکان و ئەدمۆنسفێری گشتی نمایش. (mawdoo3.com)

**دووەم: پەروەردە**

**پەروەردە:** خۆی چەمکێکە لە ڕاستیدا پرۆسەیەکی مرۆییە کە پەیوەندی بە بوونی بەردەوام بوونی مرۆڤەوە هەیە لەسەر سروشت بەردەوامبوونی ژیان مرۆڤ بە هەموو هەست و سۆز و ویژدان و واقیع و خەون و هیواکان و هەروەها هەڵگرتنی کلتور و ئامانجەکانی کۆمەڵگا. بۆ بەردەوام بوونی کۆمەڵگا و ژیانێکی تەندروستە مرۆڤ هەر لە سەرەتای لەدایك بوونییەوە دانەبڕاوە لە پەروەردە و فێرکردن، چونکە پەروەردە ئاستی تاك دیاری دەکات لە کۆمەڵگادا و ژیان و پێگەی دەگۆڕێت، پەروەردەی منداڵانیش لەسەر بنەمای دروستی ژیانەوە دێت بۆ بەرێکردنی ژیانێکی باشتر.

**سێیەم: شانۆی منداڵ**

شانۆی منداڵان لەڕووی پەروەردەیی و دەروونییەوە هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستەی کە شانۆکە یاخود نووسەری دەق یان دەرهێنەر یاخود ئەکتەر دەیەوێت، چونکە شانۆ هۆکاری گواستنەوەی زانیاری و پەیامە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش وا لە منداڵی بینەر دەکات لەڕووی بیر و تێگەیشتنی خۆیەوە خوێندنەوە بۆ چەند بابەت و دیالۆگ و جووڵە بکاتەوە کە هەموو ئەمانە و کاریگەرییەکانی تری شانۆیی کاریگەری ئەرێنی دروست دەکەن لەسەر منداڵی بینەر، چونکە شانۆ بەشێوەیەکی گشتی بە ئاماژە تایبەتیە پەروەردەییەکانیشیەوە هۆی پێگەیاندن فێر بوون و پەروەردەن هەر لەبەر ئەمەیە شانۆی منداڵان چەندین هونەر و ئامانج لە خۆ دەگرێت و دەبێتە پەیژەیەکی زۆر گرینگ بۆ هزر و لایەنی پەروەردەیی و چاندنی تۆی خۆشەویستی و هاوکاری و متمانە و بەسەربردنی کاتی گونجاو، بە سوود و چێژ بەخش، ئەم نواندنە دراماتیکیەی کە لە شانۆی منداڵاندا دەبینرێت دەبێتە هۆی بزواندنی هەست و بیر و دەروونی منداڵ لەڕووی دەروونییەو، هەر بۆیە شانۆی منداڵان لە زۆربەی وڵاتان و نەخۆشخانەکانی دەروونی ئامرازی پەروەردەیی و گواستنەوەی پەیامی گرینگی ژیان و مرۆڤایەتین، لەم ڕوانگەیەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شانۆی منداڵان و دەقەکانی ئەم بوارە پڕە لە وێنە و جوڵە و ئاماژەی پەروەردەیی و کە لە کۆتاییدا ئەمانە دەبنە فاکتەر و بزوینەری ناخی بینەرەکان و بابەت و چیرۆك و ڕووداوەکان و کارێکەرەکانی شانۆیی لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەدا دەبنە هۆی پێگەیاندنی منداڵان و ڕێگایەکی کراوە و نوێ و زانستی ئاشنا دەکەن بە جیهانی منداڵان. (mawdoo3.com)

شانۆی منداڵ: بریتییە لەو شانۆ فرە ڕەهەندانەی کە هەموو کردە و بینراوێکی دەبێ کاری لەسەر کرابێت و ڕەوشتبەرزی و بەهای پەروەردەیی و ئاماژەیی پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئاستی تیابێ، ئەم شانۆیە لەوەوە ناونراوە کە بۆ منداڵ نمایش دەکرێت لەسەرەتاوە تا کۆتایی قۆناغی مێرد منداڵ. (عمایزة، (2017)www.mahewar.org )

" شانۆ هونەرێکی کۆنی مرۆڤایەتیە و مرۆڤ بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیامەکانی هەست بەم جۆرە خۆ نواندنە و هونەرێکی ئاڵۆزە و هەر لەناو ئەم هونەرە چەندین بواری تری هونەری خزمەت بە سەرکەوتنی ئەم هونەرە گرینگە دەکەن هەربۆیەش بە شانۆ دەڵێن دایکی هونەرەکان".

" یەکێکە لە گرنگترین لقە شانۆییەکان کە ئامانجی ئەوەیە منداڵان مێشکیان پەرە پێبدەن بە گرتنەبەری ئەرکی سەرەکی لە بەرزکردنەوەی بەها پەروەردەییەکان".

" شانۆییەکی مرۆییە لەسەر لێهاتوویی بۆ تازە پێگەیشتوان و منداڵان کاری کۆمەڵایەتی دیاریکراوی بریتیە لە پەروەردە کردنی یاخود بەرەو باشتر و بیرتیژتر و خۆ پێگەیاندن و خۆ گونجاندن لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگادا".

" شانۆیەکی ئاراستەکراوە بۆ منداڵان لەتەمەنی شەش ساڵیەوە تاکو تەمەنی دوای ١٢ ساڵ".

"یەکیکە لە هونەرە گرنگەکان بە دریژایی سەردەمەکان، بەڵکۆ بە نازناوی باوکی هەموو هونەرکان دادەنریت؛ بەهۆی گشتگیری کۆبونەوەی هەموو بابەتە هونەریەکانی لەسەر تەختی شانۆ.

**چوارەم: دەق**

دەقی شانۆی نوسراوێکە پڕە لەوێنە و چیرۆك و کاراکتەر و ڕەگەزەکانی تر، بەجۆرێك نووسراوە لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێت، بەیارمەتی پێکهاتەکانی تری شانۆ لەوانە ڕووداو،کاراکتەر و دیالۆگی نێوانیان لە ڕێگەی زنجیرەیەك دیمەنی جۆراو جۆر و پێکەوەیی...پاشان ڕوونکردنەوەی مەبەست و ئامانج لەدەقدا. (مشعلة، 2018، ل45)

**پێنجەم: دەقی شانۆیی**

چیرۆك زادەی بیری مرۆڤە,ڕووداوێکە,یان چەند ڕووداوێکە و یارمەتی بیرۆکەیەکی سەرەکی دەدات بۆگەشتنە ئامانج, لەڕێگای گێرانەوەی نووسەر یان کاراکتەرەکانی ناو چیرۆك, کە چیرۆك خۆی بەسەرهات نیە دارێژراوە, کار لەسەر کراوە, بەشێوەیەکی زانستی وتایبەتمەندی خۆی هەیە هەم لە پرەنسیپ و هەم لە دارشتن, چونکە بنەماکانی زۆر جیاوازەو لەگەڵ گێرانەوەی بەسەرهاتێك یان ڕووداوێکی ئاسایی,ڕووداوێکی ئاسایی یان بەسەرهاتێك, ئەگەر خاوەنی گەلاڵە و بیرۆکەیەکی زۆر باشیش بێت تۆکمە و دارێژراو نییە و لە کەسایەتی و زەمەن و شوێن هەروەکو کورتە چیرۆکێك یان چیرۆکێکی زانستی نابێت, ئەگەر زۆریش لێك چوون هەبێت بێگومان لەپرەنسیپ و شێوەی دارشتنی جیاوازە, هەر بۆیە کورتە چیرۆك زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ بەسەرهات و حەکایەت , گێرانەوە,هەرچەندە چیرۆکی باشیش دەبێت بگێردرێتەوە لەسەر سفرەوخوان و شوێنە گشتییەکان پەندئامێز و پڕ وێنە و بەهرە بەخشین بێت, بەتایبەت بۆ منداڵان دەبێت زۆر پەندیاری و پێگەیەنەر بێت, هەربۆیە کورتەچیرۆك,یان چیرۆك بەسەرهات و حەکایەت نییە (حەکایەت باسکردن و گێرانەوەیەکی ئاساییە کەبەبێ گەلاڵەو بەهیچ نەخشە و چوارچێوەیەك نەبەستراوەتەوە و زیاتر پاڵی بەبەسەرهات و باسکردن و گێرانەوە دەداتەوە.) (یونسی, 2005,ل 10).

بەر لەوەی باس لەشیکردنەوەو فەلسەفەی دەق بکەین پێویستە بە باشی دەق بخوێنینەوە (خوێندنەوەی یەکەمی دەقەکەت گەلێ گرینگە) ئێمە جۆرەکانی دەق و ڕەگەزەکانی زۆر بەباشی بناسین و بزانین، بۆ ئەوەی تواناو زانستی و خوێندنەوەی بۆ بابەتی دەق و فەلسەفەی دەق زیاتر بێت ، چونکە ئەگەر بێت و ئێمە جۆرەکانی دەق و شێوازەکانی نەزانین بێگومان ناتوانین دەقێکی منداڵان لەڕووی بابەت و ناوەڕۆك و فەلسەفییەوە هەڵبژێرین، تەواو پێناس و ڕەگەزەکانی باس و شرۆڤە بکەین... زانست وبابەتی ژیانیش وایە تۆ ئەگەر بتەوێ ڕۆ بچیتەنێو هەربابەتێکەوە دەبێت لەسەرەتاوە زانیاری تەواو پەیدا بکەی و ئەوسا هەنگاو هەنگاو بەرەو ئامانجەکە هەنگاو دەنێیت کەواتە هەر لەسەرەتاوە بابزانین دەقی شانۆیی منداڵان و ئامانجی فەلسەفەی دەق چیە؟ هەروەها دەقی ئاسایی بۆ خۆی مەبەست و پەیامی چییە لە شانۆی منداڵان و فەلسەفەکەی کەمەبەستمان فەلسەفەی دەقی شانۆی منداڵانە. (جاف، 2008 : ل92)

شەشەم: پێناسەی دەقی شانۆیی منداڵان

دەقی شانۆیی منداڵان ئەو نووسراوەیە کەلەچوارچێوەیەکی زانستی دارێژراوە، بەهاوکاری ڕەگەزەکانی دەقی شانۆیی، بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی ژیان و فێرکاری و هۆشیاری و پەروەردەیی، سایکۆلۆژیاو فەلسەفەیە و نووسەری دەق هەموو ئەمانەلە چوارچێوەی گەلاڵەو بیرۆکەو بابەتێکەوە بە شێوازی دیالۆگ پێشکەش بەمنداڵان دەکات. (جاف، 2008 : ل92)

**3- دەق و ئامانجەکانی**

**یەکەم: دابەشبوونی دەق**

1- دەقی نووسەر: بێگومان نووسەر کاتێك بەکۆمەڵێك ئایدیاو فەلسەفەوە دەست بەنووسینی چیرۆکێك دەکات و لەکۆتایدا دەیگەێنێتە لوتکە بەهۆی گری و ڕووداوەکانی ناو دراماکەوە بەهاوکاری کاراکتەر و دیالۆگەکانی ئەکتەرەکان، ڕووداوەکان

بەرەو پێشەوە دەچن و بنای دەقی درامییەکە خۆی پتەو تر نیشان دەدات (بنیادی درامی واتا جەستەیەکی درامی تەواو) (بەرزنجی، 2008 : ل20)

هەر بۆیە لەکۆتایدا چیرۆك و ئامانجێکی باش دەگاتە بینەر و لە شانۆی منداڵانیش تیشك زیاتر دەخەینە سەر ئامانجەکە، کە دەقەکە بەشێوەیەکی گشتی لەخزمەتی ئامانجەکە دایە دواتر لایەنەکانی تر وەکو فێرکاری و دەروونی و فەلسەفی ،خۆیان لەنێو دیالۆگەکان جێگیر دەکەن ،دەق بەشێوەیەك لەشێوەکان تەواو ئامادەدەبێت بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجی پێگەیاندنی ویست و فەلسەفەی ئامادەکار مەبەست لەمەش بیرۆکەو ویستەکانی نووسەرە (عثمان، 2012 : ل23).

2- دەقی ئەکتەر: هەر کاتێك نووسەر دوای پێشکەشکردنی وتەکەی بەکۆمەڵگا و شانۆ کاران دەکات و دەگات ئەوسا دەقی ئەکتەر لەدایك دەبێت مەبەست لەمەش ئەوەیە دوای ئەوە دێت لەڕووی مانـاو فەلسەفە و مەبەستەوە دەقەکە دەخوێنێتەوە و دەیەوێت لێی تێبگات بۆ ئەوە ی زیاتر بتوانێت وابەستەی دەورەکەی یاخود ناسینی دەورەکەی بێت (شتێك نیە ناوی راستی و واقع بێت لە شانۆ چونکە هونەر بەرهەمی خەیاڵە)، بەڵام ئەمە لە شانۆی منداڵان پێویستی زیاتر بەڕاهێنەر و دەرهێنەرە بۆ ئەوەی منداڵان ئەمە بکەن و تێ بگەن و بزانن چی لەسەریان پێویستە بۆ ناسینی ڕۆڵەکەیان و ئامانجی دەقەکە... لەبەرئەمە دەقی ئەکتەر لەشانۆی منداڵان منداڵ زۆر بەکەمی دەتوانێت بن دێڕی دیالۆگەکان بزانێت و بخوێنێتەوە، هەر بۆیە لەسەر دەرهێنەری منداڵان پێویستە لەم خاڵەدا ڕوون کردنەوەی تەواو بدات وەکو ئەوەی ئەکتەرێکی گەورەلەمەبەست و بن دێرەکان بگات...هەر بۆیەش مارك ئۆین دەڵێت:(شانۆی منداڵان مەزنترین داهێنانی سەدەی بیستەمە، چونکە ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە فێرکردن و پەروەردەدا) کەواتە دەقی ئەکتەرئەکتەر هەڵدەستێت بەتێگەیشتن وخوێندنەوەی خۆی بۆ دەقەکەو مانا شاراوەکانی و دیالۆگە مەبەست دارەکان،چونکە هیچ گومانی تێدانییە هەروەکو چۆن هەموو شانۆیەك دیمەنێکی ئاماژەی کۆمیدیای تیایە هەر ئەوهاش دیالۆگی مەبەستدار و پڕ نهێنی ئامێزی تێدایە، بۆیە ئەکتەر لێرەدا هەڵدەستێ بەبیرکردنەوەو تێگەیشتی خۆی لەدەقەکەی خۆی کەلەمێشکی وێنای دەکات چونکە ئەکتەر دەقەکە وەکو نووسەر نابینێت و خوێندنەوەی خودی خۆی دەبێت لەسەر دەقەکە بەشێوەیەکی گشتی جیاوازتر ڕەنگە بڕوانێتە دیالۆگەکان یاخود بابەتەکە، کۆی ڕووداوەکان،یان کەسایەتییەکانی تر کە ڕۆڵی لەگەڵ دەگێڕن، هەر بۆیە تەواو خوێندنەوەیەکی تێر و پڕو تێگەیەشتنێکی تر لەدایك دەبێت لەلای ئەکتەری پیشەمەند بێگومان هەموو ئەمانەش لەسەر ڕاهێنەر و دەرهێنەری زیرەکە کەبیکات بۆ منداڵان چونکە ڕێژەی ئاستی ڕۆشەنبیری و تێگەیشتنی منداڵ جیاوازە و دەبێت دەرهێنەر زۆر لێزانانە بەم کارە هەڵسێت و تەواو دەقی ئەکتەر لای منداڵانی ڕۆڵ بین ئاشنا بکات. (لەتیف، 1999 : ل83)

3- دەقی تەکنیك: مەبەست لەم دەقە هەموو ئەو ئاماژە و ویستانەی نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرە کەهەموویان وا دەخوازن تەکنیك و لایەنی تەکنیك چۆن بەکار بێت و بهێنرێت واتە دەقی تەکنیك خوێندنەوەیەکی گشتی دەقەکەیە بۆ لایەنی تەکنیك کار چونکە بە بێ گومان تەکنیك کار هەڵدەستێت بەجێ بەجێکردنی کاری تەکنیکی شانۆیی بەڵام لەسەرەتا ئێمە وتمان هەرسێ کەسایەتییە گرینگەکانی نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر وا دەخوازن بەڵام لەهەندێك کات داو لەوڵاتانی پێشکەوتوو تەکنیك کاری تایبەت و پیشەمەند ئەم کارە دەکەن و گەڵاڵەی بیرۆکەکەش نووسەرەو هەندێك کات تەکنیك کار و دەرهێنەر ئەمەش دەگۆڕن هەر بۆیە دەقی تەکنیکی تێگەیشتنە لەنیشان دانی لایەنی خوازراو یاخود پێویستی دەقی نووسەر، چونکە لەکۆتایدا زۆربەی ویستەکانی نووسەر جێبەجێ دەکرێت لەسەر تەختەی شانۆ، بێگومان شانۆی منداڵان زۆر زیاتر گرینگی بەم بۆچوونەی دەقی تەکنیکی دەدات چونکە لایەنێکی زۆر گرینگی شانۆی منداڵانەوەئەم تەکنیکییەش دەبێتە زیاتر پەیوەست بوونی بینەری منداڵ بەنمایشەوە لەشانۆی منداڵان...دەقی تەکنیکی دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ سەرکەوتنی نمایشی شانۆی منداڵان ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست و زانستیانە و جوان کار لەسەر ئەم تەکنیکیە بکرێت چونکە تەکنیکی ڕووناکی و ڕەنگ و تەکنیکییەکانی تر زۆر گرینگن لەشانۆی منداڵ و لایەنی دەروونی منداڵان ئەوەتا (جل و بەرگ و موکیاژ و دیکۆر تا دوایی ڕەنگەکانیش کاریگەری خۆیان لەسەر جەماوەر هەیە) (ئەلیاس، 2005 : ل28)

4ـ دەقی بینەر یاخود وەرگر: کاتێك هەرچوار دەقەکە بەپێی ئەزموون و زانست دەگەنەیەك و دەکەوێتە سەر تەختەی شانۆ بینەر لیك دانەوەو خوێندنەوەی خۆی دەبێت هەرلەیەکەم چرکەساتی نمایشەوە... بەتایبەتی بینەری منداڵ زۆر لێزان و ڕخنەگرانە دەڕوانێتە هەموو لایەنەکانی نمایش تەنانەت بینەری منداڵ هەست بەنواندنی درۆینە دەکات لەسەر تەختەی شانۆ بینەری منداڵ (پێویستی بە قووڵ بوونەوە و ڕۆچون لە زانیاری و ئەزموون لە بەرجەستە کردنی هزر و دەروون و جووڵە هەیە، هەر بۆیە شانۆی منداڵان قورسترین جۆری شانۆ و نمایشە چونکەهەموو جووڵەو دیالۆگ و ڕووناکی و جل و بەرگ ومۆسیقاو تەنانەت ڕۆڵبینینی خراپی ئەکتەریش هەست پێکراوە ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر زانستی و لەجێگای خۆی بەکار نەیەت... هەربۆیە

زۆر جار منداڵان وا ڕۆدەچنە ناو نمایشەوە دەكەونە قسە بۆ نمونە: ئەها ڕێوییەكە هات... نەت خوات ئاگاداربە...درۆیە... بۆ وادەكەی... چەندین وشەی تر كە لە نمایشی شانۆی منداڵان گوێمان لێ دەبێت و گوێمان لێ بووە، ئەمەش مانای وایە دەقێكی نوێ بەڕوانینێكی تایبەت ترلەلای بینەری منداڵ هەیە هەر بۆیە دەڵێن دەقی لەدایك بووی بینەر ڕاسترین دەقە لەكۆتاییدا چونكە بینەر لەكۆتاییدا بەپێی ئەزموونی خۆی لەدەقەكەو فەلسەفەكەی دەگات ئەگەر نووسەر و دەرهێنەرێكی سەركەوتوو لەشانۆی منداڵان كار لەسەر دەقێكی تۆكمە و گرینگ بكەن دەبێت هەرسێكیان لە ئامانج و ئەنجامدا زۆر لەیەك نزیك بن لەڕووی تێگەیشتەوە لەسەر دەقەكە واتە نووسەر ئەگەر زۆر لێزانانە دەقەكە دابڕێژێت هەمان تێگەیشتن لای خۆیی و دەرهێنەر و تەنانەت بینەر دەستەبەر دەكات هەر بۆیە ئەگەر نووسەرێكی شانۆی منداڵان توانی ئەمە بكات بێگومان نووسەرێكی سەركەوتووە، بێگومان ئەمە بۆ دەرهێنەریش لەشانۆی منداڵان هەمان ڕێگاو چەشنە... بەڵام مەرج نییە دەقی ئەكتەر و دەقی تەكنیك هەمان بیرو بۆچونی نووسەر یاخود دەرهێنەر یان بینەر بێت كەواتە دەقی بینەر دەقێكی نەنووسراوە و لەپاش تەواو بوونی نمایش بەردەوام دەبێت و لەسەرەتای چركەساتی یەكەمی نمایشەوە دەست پێدەكات. (قەرەداغی، 2011 : ل346)

**دووەم: ئامانجی دەقی شانۆی منداڵان (/http://www.jaraq.net)**

هەرچۆنێك بێت پشكی سەرەكی، لە شانۆی منداڵان بریتیە لە بەرجەستەكردنی دەق بە زیندووكردنەوەی كاراكتەرەكان و وێنەكێشانی ڕووداوەكان و كێشمەكێش و تیشك خستنە سەر ململانێ لە شوێن و كاتی گونجاودا، بۆ ئەوەی چێژ و سوود هەبێت و منداڵ لەو پەنجەرە فراوانەوە سەیری دونیایەكی تر بكات و ئاشنا بێت بە چەندین بیرۆكە و بابەتی تازە.

ئامانجی دەقی شانۆی منداڵان: بەهۆی ئەوەی شانۆ هۆكارێكی زۆر باشە بۆ كاریگەر كردنی منداڵان لەسەر بابەتێك و ڕاستەوخۆ شانۆ كاریگەری دادەنێت، چونكە منداڵ كردار دەبینێت و جووڵەو وێنەی سەرنج ڕاكێش زیاتر منداڵ پەلكێش دەكەن بۆ كاریگەر بوونی زیاتر، هەر بۆیە ئەم كاریگەرییە دەبێتە هەوێنی ئامانج و ئامانج لە دەقی شانۆیی منداڵان گۆش كردن و پەروەردەكردی منداڵی زیرەك و پێگەیشتوو،تێگەیشتووە، جگە لەفێركردن و لایەنی پەروەردەی و سایكۆلۆژی و بڕیاردان و كاری بەكۆمەڵ و هاوكاری و پێكەوە ژیان و هۆشیاری گشتی...هتد.

ئەمانە هەموو ئامانجی دەقی شانۆییە لەنمایشێكی شانۆیی دا لەبەر ئەوەی چالاكی و سەماو جوڵە و مۆسیقا و ڕووناكی هەموو بەیەكەوە كار دەكەن بۆ خزمەتی پەروەردەی وپێگەیاندنی گشتی... ئامانج ئاسانتر دێتە بەرهەم بەهۆی ئەوانەی سەرەوە چونكە هەموو ئەوانە منداڵ ئارەزووی دەكەن و بەدڵنیایشەوە ئەمانەو بابەتی سەرنج ڕاكێش و ڕووحی ئاشتەوایی و نیشتیمان وپەروەردەی سۆز و بەزەیی و نەچاندنی رق و قین هەمووی دەبێتە هۆی سەركەوتنی ئامانجی دەق هەر بۆیە (ناتالیا ساتز) دەڵێت: (مەبەست لە شانۆی منداڵان ئەوەنییە كۆمەڵێك دروست بكەین و بەسەر تەختەی شانۆدا بێن و بچن بەڵكو پێگەیاندنی ڕۆڵەی بیر ڕوون و خەباتكارە بۆ نیشتیمان و هەوڵدان بۆ ئاوەدان كردنەوە) .

ئامانج لەدەقی شانۆییدا بەتایبەت دەقی شانۆی منداڵان ئامادەكاری منداڵە تا لە ئاینده وڵات بەڕێوە ببات و بتوانێت خەڵكی پێ بگەیەنێت و كاربەرێكاری وڵات و هاوڵاتی بێت ئەمە ئامانجی دەقی شانۆی منداڵانە جگە لەوانەش ئامانج لە دەقی شانۆی منداڵان فێر كردنی كاری باش و چالاكییە، یاخود نەكردنی درۆ و كاری خراپە واتە بەشێوەیەكی گشتی دەق و بیرۆكەو فەلسەفەی دەقی شانۆی منداڵان پێگەیاندنی منداڵی تەندروستە بۆ ئاینده، هەروەها نەرێنیی كردنی كاری خراپە لەئێستا و ئاینده‌دا، چونكە دەق پڕ لەئامانج و مەبەست و دیالۆگ و وێنە و كاراكتەر هەر بۆیە هەموو ئەمانە ئامانجێكی گشتیان هەیە ئەویش ڕۆشەنبیر كردنی منداڵە، چونكە ئەگەر منداڵان ڕۆشەنبیر بوون ئەوا هەر خۆیان پەنا بۆ هەموو كارێكی باش و خێرخوازی دەبەن... بەپێچەوانەشەوە دوور دەكەونەوە لە هەموو شتێكی قێزەون و خراپ هەر لەبەر ئەم ڕۆشنایە بابەتی جاكە وخۆشی و شادی بەكار دەهێنرێت لەناو دەق و نمایشی شانۆی منداڵان تاوەكو منداڵ لەو ڕێگایەوە فێری هۆشیاری و ڕۆشەنبیری تەواو بێت و هەموو ئەمانەو گەیشتنە ئامانجی دەقی شانۆیی دەبێت هێندە ئاڵۆز و ناخۆش نەبێت بۆ ئەوەی منداڵان هەرزوو بتوانن لێوەی فێربن و لێی بێزار نەبن، بەڵام ناكرێت دەقەكەو بیرۆكەی دەقەكە بەگشتی هێندە سانا و ئاسان و ڕوون بێت هیچ زانیارییەك زیاد نەكاتە لەسەر زانیارییەكانی منداڵان ئەگەر وابوو ئەوە ئامانجی دەق پێچەوانە بۆتەوەو دەق ئامانجی خۆی نەپێكاوە لەڕووی بیرۆكەو پەیامەوە، چونگە لەدواجار دادەبێت منداڵ دوای بینینی تەواوی دەقەكە بەنمایش دەبێت زانیاری منداڵ بەرەوپێش چووبێت و پرسیاری لا دروست كردبێت بۆ ئەوەی مێشك بەدوای پرسیار و شتی تریشدا بگەڕێت لەدوای نمایشدا، ئەمەش ئامانجێكی سەرەكی دەقە چونكە ناكرێت هەموو زانیارییەك و هەموو شتێك هەر لە ڕێگای دیالۆگ و كاراكتەر و ڕووناكی و پێكهاتەكانی ترەوە بگات بەڵكو دەبێت نووسەر وابكات منداڵ لەدوای بینینی نمایش خۆی هەندێك شتی لا دروست بێت و بەدوای وەڵام دا بگەڕێت چونكە ئەگەر وانەبێت والەمنداڵان

دەکەین هەر خۆمان فێریان بکەین و ئەوان چاوەڕوانی دەست و زانیاری ئێمە بن ئەمەش کارێکی زۆر زۆر باش و زانستی نییە چونکە دەبێت لەناو دەقدا والەمنداڵ بکرێت خۆی دەتوانێت و دەبێت بەدوای شتی تازەو زانیاری تازەدا بگەڕێت لەهەموو بوارەکانی ژیان و زانیاری. (ئەحمەد، ٢٠١٨: ل83).

**یەکەم: ڕەگەزەکانی شانۆی منداڵان**

1. بیرۆکە و بابەت : بیرۆکە و بابەت وەکو تەونی جاڵجاڵۆکەیە، دەوری تەواوی هەموو بابەت و کارەکتەرەکانی داوە لەناو نمایش، بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە لە هەموو جومگەکانی دەق و نمایشدا، هەروەها بابەت کرۆکی نمایشە و بابەتی نمایش ڕەنگدانەوەی بیرۆکەیە، بابەتی شانۆی منداڵان هەمەچەشنە و نووسەر دروستکاری بیرۆکە و بابەتە. چیرۆك بەشێوەك لە شێوەکان کۆی گشتی بابەت و ڕووداوە،مەبەست و پەیامی دەق دەگرێتەوە بەشێوەیەکی درامی، چونکەچیرۆکی نمایش و دەق جیاوازە لەچاو چیرۆکێکی ئاسایی کە نووسەر دەینووسێت بۆ مەبەستی گێڕانەوە بەڵام لەشانۆو ڕەگەزەکانی شانۆی منداڵان چیرۆك چەمکێکی ترە... (علی، 2016 : ل401)
2. دیالۆگ : ڕستە و وشەکانی نێو دەقی شانۆیە لەڕێگای کارەکتەرەوە دیالۆگەکان شیدەکرێتەوە، دەگەنە بینەر و ئامانجی دەرهێنەر و نووسەر لە ڕێگای دیالۆگەوە بە هاوکاری کارەکتەر دەگاتە ئێمە لە نمایشدا. مەبەست لێی ئەو ڕستە و وشانەیە کە لە نێوان کارەکتەری شانۆگەرییەکاندا دەوترێت (سوبحان، 2004 : ل39)
3. کاراکتەر : ڕەگەزێکی سەرەکی گرینگە لە نمایشی شانۆییدا و کاراکتەر نەبێت هیچ نمایشێکی وێنەیی جوڵاو بینراو نمایش ناکرێت. (یەکێك لە کارەکانی ئەکتەر ئەوەیەکە خۆی لە تەنگەلانی بیروبۆچوونەکانی خەڵکانی تر ئازاد بکات) (ئادلەر، 2008 : ل18). ئایا شانۆ بێ کاراکتەر نمایش دەکرێت؟
4. چنین : تەواوکاری بابەت و بیرۆکە و ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان بەیەکەوە گرێ دەدات، سەرەنجام نمایشێکی پوختەی بەیەکەوە بەستراو لە ڕووی بابەت کێشە و بیرۆکەوە بێتە نمایش کردن، بیرۆکە ڕۆحی نمایشە و هەموو ڕەگەزەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە چنینیش هەموو بابەتەکان بەیەکەوە گرێ دەدات. ڕەگەزێکی هەرەگرینگی دەقی شانۆییە و چنین نەبێت دراما و نوسین بوونی نابیت (دەبێت چنین لەگەڵ ڕووداو تێکەڵ نەکەین چونکە ڕووداو شانۆگەری ڕێکدەخات ئیتر گەر ڕووداوی سادە بن یاخود ئاڵۆز) (بەرزنجی، 2008 : ل36)
5. ململانێ : ملمانێ هەمیشە لەنێو بابەت و دیالۆگی کارەکتەرەکان بوونی دەبێت و هیچ کات دیار نیە، بەڵام لە ژێرەوە بەشێوازێکی هەست پێکراو ختوکەی کارەکتەرەکان دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری باش و کاری خراپ، هەروەها ململانێ ئاوێتەی ناو دیالۆگ دەبێت و وەکو دیالۆگیش هەست پێکراو و بیستراو نیە. (بەرزنجی، 2008 : ل37)

**دووەم: کارامەیی نواندن لە شانۆی منداڵاندا**

ئاکتەر جێی سەرنجی سەرەکی نمایشی شانۆکەیە گوێزەرەوەی بیرۆکەکانە و گەیەنەری هەستەکانە، دەتوانێت پێشکەشکردنەکە لە شکستەوە بگوێزێتەوە بۆ سەرکەوتن یان بە پێچەوانەوە، ئەکتەر شوێنێکی دیاری بۆخۆی بەدەستهێناوە لە مێژووی شانۆدا، هەروەها ئێمە ناتوانین دەستبەرداری هیچ لە کەرستەیەکی نمایش بین بە ئەکتەریشەوە هەروەک جۆن دەگوترێت کە (ئەکتەر+ شوێن) تا نمایشی شانۆیی پێشکەش بکرێت بەهەموو پێوەرەکانی، ئەو ئەکتەرە حەز دەکات بەبەردەوامی ڕاهێنان بکات بۆ باشتر کردنی ڕۆشنبیری و ئامراز و زانیارییە شانۆیەکانی تا ئاستێکی بەرز بەدەست بێنێت، بۆ ئەم مەبەستانە : (عەلی، 2016، ل37)

١- سەیرکردنی ژیانی ڕۆژانە و چاودێری کردنی ڕاستی کەسایەتییەکە، کە دەتوانێت سوود لە کەسایەتیەکی ڕاستەقینە و واقعی ببێنێت و هەندی ئامرازی لی وەربگرێت بۆ خزمەت کردنی ئەو کەسایەتیەی کە لەسەر شانۆ دەینوێنێت.

٢- بیرەوەریی سۆزدارییەکانی خۆی، کە دەتوانێت سوود لە ئەزموونە شەخسییەکانی خۆی و بارودۆخانەی کە پێیدا تێپەڕیوەوە و ئەگەر لە دۆخی ڕۆڵدا بگونجێت بیگوێزێتەوە بۆ تەختی شانۆ ئەگەر گونجاو لەگەڵ رۆڵەکەی.

٣- هاو ئەکتەرەکانی، کە دەتوانن سوود لە نمایشکردنی چەند ئەکتەرێکی باش و پیشەیی لە شانۆ یان هونەرەکانی تر وەربگرن، لاسایی هەمان نمایش و جوڵە بکەنەوە و هەمان ئامراز و شێوازەکانی خۆیان وەربگرن لەگەڵ زیاد کردنی ڕۆح و کەسایەتی خودی خۆی تا زیاتر ئەکتەر لەگەڵ دەق نزیك بێتەوە بتوانێت مافی تەواو بە ڕۆڵەکەی بدات، کە ئەمەش خاڵێکی زۆر گرینگە لە شانۆی منداڵان و بەرجەستەکردنی دەقدا.

**نواندن بۆ منداڵان :**

توانای دۆزینەوەی جۆگەیەکی سۆزی ناوەکی هەست و سۆزە و پاشان ڕەنگدانەوەی ئەم هەنووکەیە لە ڕێگەی ئامرازەکانی دەربڕینی ئەکتەرەوە، ئەویش دەنگ، دەموچاو و جەستە و دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئەکتەر.

کاتێک ئەکتەرێک ڕۆڵی شانۆیی دەبینێت، دەبێت ئەم هەنگاوانە بنێت بۆ شارەزا بوونی دەق و ئاماژەی پەروەردەیی و ئامانجی گشتی : (ئەحمەد، ٢٠١٨: ل٦٨).

١-دەقەکە بە باشی بخوێنێتەوە و بیرۆکەی دەق و مەبەستەکەی بزانیت و باوەڕی پێ بکات و خۆی ئاشنا بکات بە ئامانجی دەقەکە.

٢- شوێنی ئەو کەسایەتییە بکەوێت کە بەرجەستەی دەکات و فێری ڕۆڵی خۆی بێت، ڕووداوەکان و ڕۆڵی خۆی لە خزمەتکردنی بە بیرۆکە و ئامانجی دەقەکە ئاشنا بکات هەروەها ئاگاداری کردارەکانی ئامانجی دەقەکە بێت.

٣- شیکردنەوەی کاراکتەرەکە دوای کۆکردنەوەی ئەو زانیاری و داتایەی کە لە دیالۆگەکان بەدیار دەکەوێت یان دیالۆگی کاراکتەرەکانی تر لەسەری. پاشان ڕەهەند و ڕەوشت و کاراکتەر و بیرۆکە و سەردەم هەموو ئەمانە لە دیالۆگ و ئاماژەکانی دەق بەدیار دەکەوێت، هەروەها ڕەنگە ئەکتەر بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان ئەگەر کاراکتەرەکە لە ڕابردوو بێت یان لە کەلتووری بیانیەوە بیت، یان ژینگە و پێگەی جیاواز بێت.

٤- بەبایەخەوە گوێگرتن و سەرنج دان بۆ تێڕوانینی دەرهێنەر لەسەر گرنگی و ڕۆڵی خۆی لەڕووداوەکان و لەنمایشەکەدا، شێوازی گونجاوی دەرهێنەری لەداپینکردن و ئیدانەکردنیدا دەبینێت و هەر زانیاری و تێبینییەک کە دەرهێنەر دەتوانێت سەبارەت بە کاراکتەرەکە پێشکەشی ئەکتەر بکات، دەبێت ئەکتەر بۆ ڕۆڵ و تێگەیشتنی دەق بە بایەخەوە لەمانە بڕوانێت.

٥- ئەکتەری باش تێڕوانینێکی ڕوون بۆ کەسایەتی و ئامراز و شێوازەکان پێناسە دەکات کە لە نواندندا بەکاری دەهێنێت و ئەوەی کە دەتوانێت زیاد بکات بۆ خەیاڵ و تێبینی و ئەزموون و خوێندنەوە شەخسییەکانی بۆ پێدانی قوڵایی پێویست بۆ دووپاتکردنەوەی کاراکتەرەکە، ئەمەش زیاتر دەبێتە هاندان بۆ تێگەیشتنی بینەری منداڵ لە ئاماژە پەروەردەییەکان و دەق و دیالۆگ و مەبەستەکانی نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر.

6- تاقیکردنەوەی ئەو تێڕوانین و ئەدایە لەسەر شانۆ لەکاتی ڕاهێنان کردن و ڕێنموویی کردن لەلایەن تێبینیەکانی دەرهێنەرەوە بۆ پەرەپێدان و جێگرتنەوە و پشتڕاستکردنەوەو دابەزاندنی ئەداکەی بۆ ئەدایەکی باشتر ئەکتەر لە شانۆی منداڵاندا پێگەیەکی تایبەتی هەیە و دەبێت زۆر بە ئاگایی ترەوە ئاگاداری جوڵەکانی.

**4- گرنگی شانۆ بۆ منداڵان لەڕووی پەروەردەییەوە**

شانۆی منداڵان یەکێکە لەو ئامرازە فێرکاری و پەروەردەییانەی کە لە ڕووی سایکۆلۆژی و فکری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و زانستی و زمانەوانی و جەستەییەوە بەشداری لە گەشەی منداڵدا دەکات و هونەرێکی نواندنی ئاراستە کراوە بۆ منداڵان و تێیدا چەندین مەبەست و ئاماژەیی پەروەردەیی دەپێکین، هەروەها سیستەمی بەها پەروەردەیی و ئەخلاقی و پەروەردەیی و دەروونییەکان بە شێوەیەکی زیندوو لە ڕێگەی جوڵاندنی کاراکتەرەکانی سەر شانۆ هەڵدەگرێت، ئەمەش دەبێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ بەخێوکردنی منداڵ و گەشەدان بە کەسایەتیی، خۆی بەتایبەتی کە منداڵ لە سەرەتای ساڵەکانی ژیانیەوە کاتێک خەیاڵی ئیهامی خۆی دەکردە شانۆگەرییەکە، ئەوە شانۆی ئیهامی بوو، کە خۆی ئاوازدارێژی دەکات، ئاراستە دەکات و منداڵەکە خۆی ڕۆڵ دەگێڕێت، بۆیە پەیوەندی منداڵەکە لەگەڵ شانۆدا پەیوەندیەکی تەواوکراوە و گرنگن و جدیيە لێرەشەوە گرنگی و مەبەستداری شانۆ دەردەکەویت.

**یەکەم: ئاماژە پەروەردەییەکانی شانۆ و گرینگی شانۆ ئەمانەی خوارەوە بۆ منداڵان بەدەست دەهێنێت: (https://mawdoo3.com)**

1- دەروازەیەکی پەروەردەیی و بیرتیژیە و وا لە منداڵ دەکات لە مانا و وشە و ڕستەکان بکۆڵێتەوە.

2 – ڕابواردنی کاتی منداڵەکە و چێژوەرگرتن لێی.

3 - دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەوانی منداڵەکە.

4- هەستی بەرپرسیاریەتی زیاد دەکات.

5 - پەرەدان بە توانای منداڵ بۆ دەربڕین.

6 - بەدەستهێنانی بەها پەروەردەیی و ئەخلاقییەکان.

7- دەبێتە لابردنی گرژی دەروونی و پاك بوونەوەی ناخ.

8- ئامرازێک بۆ هێورکردنەوەی فشارە و گرژیە دەروونییەکان.

9 - برەودان بە متمانە بەخۆبوون، بەتایبەتی بۆ منداڵانی بەشدار لە نواندندا.
10- ناسینی کلتوور و فەرهەنگی میللەتان و جیاوازی.
11 - پەرەپێدانی توانای سەبر گرتن و خۆڕاگری.
12- پەرەپێدان بە هەستی دراوی ناوەکی.
13 - پەرەپێدان بە تامی هونەری و جوانیناسی.
14- شارەزابوون لە پۆشینی جل و بەرگ و مامەڵەی گونجاو.
15- منداڵەکە چەندین خوی کۆمەڵایەتی و بەهای ڕەفتاری جوان بەدەست دەهێنێت.
16- منداڵ لە بەردەم جیهانێکی پڕ لەژیانە و بە ڕووناکییەکان دەدرەوشێتەوە.
17- فێربوونی گیانی هاوکاری.
18- ئامرازێک بۆ دەوڵەمەندکردنی کلتور و مەعریفە.
19- مامەڵە لەگەڵ چەندینی تر و فێربوونی کەم و کوڕییەکانی قسەکردن.
20- هەست و سۆزی منداڵان دەهەژێنێت و بە شێوەیەکی بەرز پاڵاویان دەکات.
21- پەرە بە بیرکردنەوە و دەرەنجام دەدات و وزەی دەروونی خۆی دەدۆزێتەوە و چالاکیەکەی زیاد بکات.
22- فێربوونی هاوکاری و کاری بە کۆمەڵ و ڕاستگۆیی و بەهێزی کۆمەڵ.

**دووەم: ئاماژە پەروەردەییەکان لە بنیاتنانی دەقی شانۆیی منداڵاندا**

شانۆی منداڵان شێوازێکە لە شێوازە هونەرییەکان کە چەندین وەسف و ئەرک و کار و هۆکار و کاریگەری لە ئاڕاستەکردنی منداڵەکە هەڵدەگرێت لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت لێی تێبگەین، مامەڵەی لەگەڵ بکەین و گرنگی پێ بدەین"

1- منداڵ پشت بە کۆمەڵێک مانای دەربڕین دەبەستێت کە بیستن و بینین و دەروونناسی تێیدا بەشدارن و تەنیا پشت بە زمانی قسەکراو نابەستێت، بەڵام گشتگیریی ڕەوانبێژی لەم فرەزمانییە بە تایبەتمەندییە جۆراوجۆرە دەربڕینەکانی خۆی وەردەگرێت و مامەڵە لەگەڵ نیشانەکان دەکات.

2 شانۆ گرنگییەکی زۆری هەیە لە پتەوکردن و بەهێزکردنی کەسایەتیی منداڵ و بەدیهێنانی مەیل و پێداویستییە دەروونییەکانی و چارەسەرکردنی گرفتە دەستبەجێیەکانی و وێنەکێشانی وێنەیەکی ئایندەی پەمەیی پاڵی پێوە دەنێت کە لەگەڵ ژیاندا تێکەڵ بێت و تێیدا نوقم بێت و هانی دەدات کە ژیان و گەشەی خۆش بوێت و لەدەوروبەری خۆی نەخولێتەوە و لەسەر خۆی بچووک نەکاتەوە و لەو ڕوانگەیەوە کە پێناسەی وێنە و پێکهاتەی شانۆی منداڵان دێتە بوون، هەروەها توێژەران بڕیاریاندا لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر گرنگی دروستکردنی تێکستی شانۆی منداڵان بنووسن کەهاوبەشە لەگەشەپێدانی ڕۆحی دروستکردن و داهێناندا و توێژەرانی لەلێکۆڵینەوە تیۆرییەکانیان لەسەر گرنگی شانۆی منداڵان لە بەشی یەکەمدا ڕوونکردەوە کە چەند گرینگە بۆ پەروەردەکردنی منداڵێکی تەندروست بۆ کۆمەڵگا چونکە تێکستی شانۆیی سەدان بەهای پەروەردەیی و دەروونی لەخۆ دەگرێت، منداڵیش گەشە و نما و ئاماژە پەروەردەییەکان لەناو دەقی شانۆییدا لەسەر زاری دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە زووتر وەردەگرێت و زیاتری کاریگەری دەبێت، بەڵام لە بەشی دووەم جەختیان لەسەر گرنگی دروستکردنی دراماتیکی لە تێکستەکانی شانۆی منداڵاندا کردەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی دەقی شانۆیی، چونکە کردەی دراما و جوڵەش بەهەمان شێوە کاریگەرییەکی ئەرێنی زیاتری دەبێت لە دیالۆگ هەر بۆیە گرنگیان بە پێکهاتە و ناوەڕۆکی دەقدا و زیاتر وێنەی دڵخواز و پەروەردەیی یان پێگونجاوتر و زانستی تر بوو بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها ئاماژە پەروەردەییەکان لە بنیاتنانی دەقی شانۆیی منداڵاندا بەشێوەیەکی ڕەنگ ئاسا ڕەنگ دەداتەوە لەناو دەق و دیالۆگی کاراکتەرەکان و ئەدمۆنسفێری گشتی نمایش. (www.jamilhamdaoui.net)

**سێیەم: شانۆی منداڵان بۆ مەبەستی پەروەردەیی منداڵ**

منداڵان سایەی بنیاتنانی خێزان و بنیاتنانی ژیان و کۆمەڵگان، بۆیە وڵاتە پێکەوشتووەکان چاودێریەکی چڕی منداڵان دەکەن و بەجۆرێك پەروەردەیان دەکەنکە داهاتووی ژیانیان پێ بەڕێوە ببرێت بێگومان ئەمەش پشکی زۆری دەوێتە سەر شانۆی منداڵان و لە ڕێگای شانۆی منداڵانەوە هەر ئامانجێك یاخود بەهەر جۆرێکی تەندروست بیانەوێ پەروەردەیان بکەنبە شانۆ و دیالۆگی کاراکتەرەکانەوە دەیبەستنەوە ئاراستەی منداڵان دەکەن، چونکە شانۆ لەڕووی دەروونیەوە منداڵ زیاتر ئامۆژگاریەکانی وەردەگرێت نەك ڕاستەوخۆ شانۆ بەگشتی و شانۆی منداڵان بەتایبەتی تایبەتمەندییەکی بێوێنەیان هەیە، بۆ تێوەگلانی وەرگر لەگەڵ بیرۆکەکان و

چەمک و بەهاکان کە لە لایەن شانۆوە دەگوازرێتەوە، بۆ بینەر و منداڵان، بێگومان شانۆی پەروەردەیی و بوکەڵەش لە گرنگترین شانۆکان دلدەنرێت کە یارمەتی ئەم پرۆسەیەی پەروەردەکردن و فێرکردنە دەدات چونکە شانۆ ئەزموونێکی خۆش و دڵخۆشکەریان پێ دەبەخشێت. لە هەمان کاتدا، چێژ وەردەگرن و فێر دەبن. (جلاوجي، 2008: ل54)

**چوارەم: چۆنیەتی کارکردنی دەرهێنەر بۆ ئاماژە پەروەردەییەکانی ناو دەق**

پێوستە سەرەتا تێبنی ئەوە بکەین کە ڕەچەتەکی ئامادەکراو یان شێوازیکی چەسپاو هەبیت تاکو دەرهێنەر لەسەری پەیوەست بێت، چونکە جیهانی دەرهێنان فراوان و نەرمە، بەڵام هەندی یاسا هەیە کە کارەکە ڕیکدەخات، هەڵەکان کەمدەکاتەوە کە ئەوانەن: (بەرزنجی، 2008، ل 98).

1- شانۆکە بە وردی بخوێنێتەوە بۆ بینینی مانا و تایبەتمەندیەکانی، لە کوێ و کەی ڕوودەدات.

2- شیکردنەوەی شێوازی دەربڕینی شانۆیی

ڕۆڵی هەر کاراکتەرێک لە پەیوەندی کردنی بەشێک لە بیرۆکەی شانۆکە.

3- لێکۆڵینەوە لەپەیوەندیی کاراکتەرەکان بەیەکتر

خوێندنەوەی کەش هەوای دەروونی بۆ گواستنەوەی لە ڕیگەی ریتم و جوڵە و توخمەکانی تر.

4- نیشاندانی ئەو ڕووداوانەی یاخود دیالۆگانەی پڕن لە ئاماژەی پەروەردەی کە منداڵ لە ڕێگای ئەو دیالۆگە ئاماژەییانەوە سوود لە دیالۆگ و جووڵەکان دەبینن.

5- نیشاندانی زیاتر ئەو جووڵە پەروەردەییانەی کە ئەکتەر نمایشی دەکات.

6- ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ نواندنی ئەکتەر تا ئەو ئاماژە پەروەردەییانەی کە لە بن دێڕەکانن – دیالۆگەکانن – بگەیەنێت.

**پێنجەم: دەرهێنەر و ئەکتەر و ئاماژە پەروەردەییەکانی دەق و کاست – تیم.**

یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەرهێنەر دەستنیشانکردنی دەستەی کاری پێویستە لە نوێنەران و بەڕێوەبەران و تەکنیکاران و ڕوونکردنەوەی کاری هەریەک لەوانە، دوای ئەوەی تیم و ئەکتەرانی خۆی دیاری کرد ئەوسا بەرپرسیاریەتیان بۆ دیاری دەکات وەک سەرپەرشتاری ڕووناکی، کاریگەری دەنگ، دیکۆر، جلوبەرگ، یاریدەدەری دەرهێنەر، ستێج یان بەڕێوبەری شانۆ ئەکتەر گرنگترین توخمە لە نمایشکردنی شانۆییدا، هەندێک جار گرنگییەکەی لە گرنگی دەقی شانۆیی زیاترە، چونکە ئاماژە پەروەردەییەکان بە جوڵە و دیالۆگ بە بینەر ئاشنا دەکات.

شێوازی دەرهێنەر بۆ دەستنیشانکردنی ئەکتەر ئەوەیە کە داوا لە هەر ئەکتەرێک بکات کە ڕستە شانۆییەکان لە ڕۆڵی چەند حاڵەتێکی سۆزداری، خەم و دڵەڕاوکێ و ترس و هیستریا و خۆشیەوە جێبەجێ بکات. هتد. لەو کاتەدا توانای ئەکتەرەکە دەبینێت...

یەکێکی تر لەبنەماکانی هەڵبژاردنی ئەکتەر ڕۆڵی گونجاوی ڕەهەندی جەستەیی کاراکتەرەکەیە، کە پەیوەندی هەیە بە سەرکەوتنی نمایشەکەوە، خاڵیکی بەهێزە ئەگەر سەرەکیش نەبێت، چونکە لەڕووی دەروونییەوە زیاتر لەم بارەدا بینەر نزيك دەبێتەوە

پاشان ڕاهێنانەکانی سەر مێز دەست پی دەکات بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر دەق، ناوەڕۆک، کاراکتەرەکان و هەستێکی کۆمەڵانەی نواندن، هەروەها ئەم ڕاهێنانانە لە ناو خانەی ڕستەکانی دیالۆگدا بەکاردێت و وادەکات هەر لەوێ چەندین ئاماژەی پەروەردەیی ئاشکرا بکرێت کە نووسەر خواستوویەتی، چونکە جگە لە ئاماژە پەروەردەییەکانی دەرهێنەر و ئەکتەر نووسەر چەندین ئاماژەی تایبەتی هەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان.

**شەشەم: ئاماژەی پەروەردەیی یاری لە دەقی شانۆیی منداڵان**

منداڵ پێویستی بە یاریکردن و ڕابواردن و خۆشی هەیە وەک پێویستی خواردن و خۆراك، وزەی زیندووی زۆری هەیە ئەگەر لە کاری ئەرێنیدا بەتاڵ نەکرێتەوە لەوانەیە لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە زیان بە منداڵەکە بگەیەنێت، کەواتە سکریپتی شانۆی پەروەردەیی چاوپۆشیان لەو لایەنە گرنگەی ژیانی منداڵ نەکردووە، موهرەج – قەرەقوش کە گرنگی بە دڵخۆش کردنی منداڵ دەدات بە پێشکەشکردنی هەموو شتێک کە منداڵ دڵخۆش دەکات و سەرنجی ڕادەکێشێت، وادەکات منداڵ لە جیهانی یاری گەمە و دڵخۆش کردن نزيك دەکاتەوە و دەیکات هەر بۆیە قەرەقوش و کاراکتەرە دڵخوازەکانی منداڵان هۆکاری کردنەوەی سەرەداوی هەست و ناخی منداڵن و دەبنە فاکتەرێکی بەهێزی کردنەوەی گرێی دەروونی، ڕۆچوونە ناو ژیانی تایبەتی منداڵ، هەروەها یاریکردن لەگەڵ قەرەقوش و بوکەڵە بە خۆشەویشتییەوە وا لە منداڵ دەکات بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا بکات، بەڵام دەقەکانی خەیاڵی سێبەر پێشەنگ بوون لە بایەخدان بە خۆشی و گەمەکردن بۆ ئەوەی وزەی زیندووی منداڵەکە بە ئەرێنی و

هەروەها حەزی لە خۆدەربڕین جگە لەوەی یاری کردن لەگەڵ بوکەڵەکان بە خۆشەویستیەوە بەهای پەروەردەییانە لای منداڵەکە دروست دەکات بۆ ئارامی ناخ، هێواش بوونەوەی باری دەروونی ناوخۆیی، بەم شێوەیە دۆخی دەرەکیی ئارامی ناوەخۆیی بۆ دەهێنێت، شانۆی بووکەکانی ماریۆنێت بە ڕێژەیەکی بەرز گرنگییان بە جۆش و خرۆش فاکتەرەکانی یارمەتیدانی منداڵ داوە لەوەی کە لە ناخیدا حەزی لێیەتی، هەروەها هەموو شانۆ پەروەردەییەکان جۆرێك لە خۆشی و یاری تێدایە ئەمەش وادەکات منداڵ زیاتر تێکەڵاوی ڕووداو، دەق، بیرۆکە، کاراکتەر بێت و شانۆی بوکەڵە و خەیاڵی سێبەریش بە ڕێژەیەکی زۆر یاری و کات بەسەربردنی تێدایە و لە پاڵ ئەمانەشدا سەدان بابەتی پەروەردەیی و ئامۆژگاری لەخۆ دەگرێت، چونکە لەڕووی دەروونی بیری منداڵەوە یاری کردن جۆرێکە لە ڕاستی و کات بەسەربردنیش پشوو بە بیرو هزری منداڵ دەدات و وادەکات زیاتر سوود لە بابەتە یاریە پەروەردەییەکانی ناو دەق و کاراکتەر ببینێت لە ڕێگای شانۆی بوکەڵە و سێبەر و ئاماژەی پەروەردەیی و کاراکتەری قەرەقوشەوە هەروەها ئاماژە پەروەردەییەکان بەشێوەیەکی گشتی بریتین لە بوونی دەق، چونکە دەقی شانۆیی منداڵان لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئامانجی پەروەردەیی و پێگەیاندن و سوود وەرگرتنی منداڵە. (بەرزنجی، 2008، ل 59).

### ئەنجام

1- ئاماژە پەروەدییەکان لەناو دەقی شانۆییدا بەدی کراون و هۆکارێکی گرنگن بۆ گەشەو نەشونماکردنی لایەنی هزری منداڵ.

2- دەق بەبێ بوونی ئاماژەی پەروەردەیی دەقێکی ناتەندروستە و ناشێت بۆ پەروەردەی منداڵ.

3- ڕۆڵی ئاماژە پەروەردەییەکان تەنها لەناو دەقدا نین بەڵکو لەناو جوڵەو روناکی و جلوبەرگ و ئێسسکواروکوتلەو لایەنی دەرهێنان و جەستەی ئەکتەردا دەبن.

4- شانۆی منداڵ فاکتەرێکی بەهێزە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی مێژویی و کۆمەڵایەتی و پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ.

5- بەدیکردنی کاریگەری و بەرپرسیارێتی پەروەردەو فێربوون و خۆشەویستی نیشتمان لای منداڵان.

### سەرچاوەکان

**یەکەم : پەرتوکەکان**

1. احمد، کەیفی، (2018)، شانۆ و شانۆی منداڵان، چاپی یەکەم، کۆیە.
2. ئادلەر، ستێلا، (2008)، هونەری نواندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
3. ئەلیاس، کامەران حاجی، (2005)، تەختەی شانۆ، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما، هەولێر.
4. جلاوجي، عزالدین، 2008، کلیپۆردی ڕەش، جەزائیر.
5. بەرزنجی، یاسین قادر، (2008)، فەرهەنگی شانۆ، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
6. جاف، فاضل، (2008)، دەرهێنانی شانۆیی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر. چاپی یەکەم، چاپ....، سلێمانی.
7. سوبحان، کامەران، محمد، شۆرش، (2005)، دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
8. ظاهرة کلالدة ومحفوظ جودة ،(1997) ، اسالیب البحث العلمي فی میدان العلوم الاداریة.
9. عثمان، یوسف، (2012)، بنەماکانی نواندن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
10. عەلی، خەلیل،(2016)، بنەما هونەرییەکانی شانۆی منداڵان لە زارۆخانە و خوێندنگاکان.
11. عمایزة، منصور، (2017)، مسرحیة الطفل.www.mahewar.org
12. قەرەداغی، بورهان، (2011)، شانۆی منالّ، مێژوو، بیبلۆگرافیا، تیۆر، پراکتیك، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.
13. لەتیف، نیاز، (1999)، پەروەردەکردنی ئەکتەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
14. مشعلة، فاطمة، (2018)، مفهوم النص، الموضوع الموقع العربي للعالم. www.mawdoo3.com
15. یونسی, ابراهیم, (2005), گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نووسین,و.نەبەزجەهانگیرپوور, چاپی یەکەم, چاپخانەی چوار چرا, سلێمانی.

**دووەم: ماڵپەرەکان**

16. (https://mawdoo3.com)
17. (www.jamilhamdaoui.net)
18. (http://www.jaraq.net/

**سێیەم: نامەی ماستەر و دکتۆراکان**

1. جوان بەهادین عەلی، (2020)، ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی منداڵان لە دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژیی لای منداڵانی کورد، زانکۆی سلێمانی.
2. شوق عباده أحمد النكالوي، (2020)،القيم التربوية في مسرح الطفل مسرحية بائعة الكبريت نمو، قسم العمر الأساسية كمية التربية لطفولة المبكرة - جامعة مطروح.
3. فاروق سلطاني جامعة محمد بوضياف - المسيلة هدى بليل جامعة محمد البشير الإبراهيم- برج بوعريريج، (2018)، دور مسرح الطفل في تحقي الكفاءة التعلمة والتروة في ظل مناهج مقارة الكفاءات، مسرحية" الحواس الخمس "في مرحلة التربية التحضيرية أنموذجا.
4. بلقيس علي شرين الدوسكي، (2018)، الدالالت التربوية والفنية في نصوص مسرح الطفل مسرحية الحكواتي انموذجا، كلية الفنون الجميلة / جامعة صالح الدين / اربيل.،
5. سحر فاضل عبد األمير، (2017)،الأبعاد الفكرية والتربوية في نصوص مسرح الطفل العربي، جامعة بابل كلية الفنون الجميلة، قسم الفنون المسرحية.

## الدلالات التربويية في نصوص مسرح الطفل

**كاروان على محمد**
قسم سنما والمسرح - كلية فنون الجميلة - جامعة صلاح الدين/ اربيل
charlykarwan@gmail.com

**اكرم فريدون حمەامين**
قسم الاعلام - كلية الاداب- جامعة صلاح الدين/ اربيل
akram.hamaamen@su.edu.krd

**ملخص**

الأطفال كائنات مخترعة يمكنها البحث وتعلم المزيد من المخترعين في المسرح ، ويعتبر المسرح من أعظم الفنون في تاريخ الحضارة الإنسانية ، وقد أطلق المسرح من قبل الأطفال في البداية حتى هذا الوقت وطوال هذا التاريخ كان قادرة على تقديم خدمة جليلة للأطفال والإنسانية من خلال أهداف النصوص وفرق القوى ، وذلك بسبب فن المسرح ما عدا التمثيل. أهمية مجموعة أعراق وموضوعات مختلفة على النحو التالي: (داق ، الموسيقى ، والضوء ، والحدث ، والوقت ، والمكان ، والملحق ، والمكياج ، والديكور ، والحوار ، ..) ورفع مستوى الوعي والتعليم وتحسين مستوى النظرة العالمية وفهم الأطفال والإنسانية ، ولهذا السبب تم إنشاء النص المسرحي و أهمية النص مع تطوره استطاع أن يدخل في معظم أبعاد وثغرات الحياة البشرية والاستفادة منها وجعلها جزءًا مهمًا ، ومن بينها: (الإيمان ، التعليم ، العمل الإبداعي ، التعليم ، والدين ، والموضوعات الاجتماعية ، والسياسة ، والتاريخ ، والحب ، والوطنية ، والسخرية ، ..) بالطبع كل هؤلاء تسببوا في تشجيع الأطفال وتوجيههم والعديد من أنواع التحقيقات والخطب حول تقنية ومحتوى القصص المسرحية والمسرح النقاد. في هذا الإطار ولغرض البحث بشكل أكبر في دور النص المسرحي الكردي وأهميته ، احتجنا إلى إلقاء نظرة على مسرح الأطفال في إقليم كردستان وأهمية مسرح النص في تعليم الأطفال في إقليم كوردستان.

**الكلمات الدالة:** إشارة ، تعليم ، نص ، مسرح ، أطفال

## Educational connotations in texts, children's theatre

**Karwan Ali Muhamad**
Department of Cinema and Theater Arts- College of Fine Arts - Salahddin University-Erbil
charlykarwan@gmail.com

**Akram Faraedon Hamaamen**
Department of Media - College of Arts-Salaheddin University-Erbil
akram.hamaamen@su.edu.krd

**Abstract**

Children are invented beings that can search and learn more inventors in the theater, the theater is considered one of the greatest arts in the history of human civilization, and the theater was launched by children at first Until this time and throughout this history he has been able to provide a great service to children and humanity through the goals of the texts and teams of the powers, and this is because of the art of theater except acting The importance of a group of different races and subjects is as follows: (Texts, Music, Light, Event, Time, Place, Accessor, Makeup, Dicor, Dialogue, ..) And raising awareness, teaching, and improving the level of worldview and understanding children and humanity has been established, which is why the theatrical text and the importance of text with its development He was able to get into most of the dimensions and gaps of human life and take advantage of them and make them an important part,Among them: (Belief, education, creative work, education, religion, social subjects, politics, history, love, patriotism, ridicule, ..)Of course, all of these people have caused encouraging and guiding children and many types of investigations and speeches On the technique and content of theatre and theatre stories by critics . in this frame and for the purpose of looking more In the role and importance of Kurdish theatre text, we needed to look at children's theatre in Kurdistan region and the importance of text Theatre in children's education in the Kurdistan Region.

**Keywords**: sign, education, text, theatre, children.